# پیاوێك لە ڕەنگی ورە!

**بۆ خۆشەویست**

**خەسرەو ئەحمەد میرزا**

ئەو ڕۆژەی "ئەمنە سوورە"کە
بۆ یەکەمجار ئازادیی پیاسەی تیا کردوو
دەرگا گەورەکەی پێکەنیو
هەتاو توانی بێتە ژووریو
پەنجەرەی گریاوی سەرێ
چاویان سڕیو بە پلیکانەی ڕووخۆشدا
هاتنە خوارێو
لەگەڵ منداڵی گەڕەکدا
لەگەڵ پەپوولەو جوجکدا
وەك میزەڵڵانی ڕەنگاوڕەنگ
وەك نەونەمام
هەموویان چوونە سەرشەقام!

ئەو ڕۆژەی چل منداڵەکە
لەگەڵ چل گوڵە مێخەکدا
"چل" مانگی بچووك بچووکدا
بە " "گۆیژە"دا.. داگەڕانو
لە بنارو قەدپاڵەوە
بە ترووسکەو بریسکەوە
یەك یەك چوونەوە ماڵەوە!

ئەو وەختەی ڕاڕەوی قەڵا
بوون بە ڕاڕەوی مۆسیقاو
درختەکانی ناو حەوشەی
دەستیان گرتو
لەگەڵ قوللەو پایەکاندا
لە خۆشیاندا کەوتنە سەما!

**ژووری قولاپ**

**بوو بە ژووری شینی ماسیو**

**بوو بە مۆمدانی سەبووریو**

**بوو بە ڕەنگدانی پێشانگا.**

**کاتێ سەرم کرد بەوێدا**

**وەکوو خەوبێ!**

**دەستی شەوەزەنگی دوێنێ**

**گەڕایەوەو کوتەکێکی**

**سرەواندە موورەغەمو**

**چون فیلمێکی بەرجەستە**

**لە نێوان ڕیزە قولاپداو**

**لە نێوان ڕیزە قیژەداو**

**لەسەر دیواری بریندار**

**"ئەو"م هاتەوە بەر دیدە!**

**چ سلەیمانیو چ ئاسکی کانێسکانو**

**چ شیعرەکانی بێکەسو چ فتبۆڵەکەی یاسینو**

**چ شاوری صالح عەلیو**

**چ مشکیەکەی فایەق قەساب.**

**هەر هەمووومان**

**لە بیرمانە**

**وەختێ بەربوو**

**لە مرۆڤی هەرە کۆنی**

**ئەشکەوتەکەی هەزارمێردو**

**لە ئەسپی لەڕولاوازی یاڵ خوێناوییو**

**لەش خۆڵاویی شەڕگە ئەچوو.**

**وەك بێشەڵان**

**ڕیشی تا سەر سنگ هاتبوو**

**دەنگی: زامدار.**

**پێستی: شێدار.**

**چاوی: شلوێ.**

**سنگی دڵۆپەی ئەکردو**

**بەردەوام وشەی ئەکۆکیو**

**زەعفەران خۆی بە ئێمەی وت:**

**هەر کوتومت شێوەو ڕەنگی**

**لە من ئەچێ!**

**وەختێ بەربوو**

**بۆنی تاریکیو عەدەمی لێئەهاتو**

**چرا لەودا، ژیان لەودا**

**نووزەیەكو پرتەیەکی**

**لێوە ئەهاتو نەئەهات!**

**لە سەردابی قولاپەوە**

**لە دنیای ژێرەوەی دێوو**

**لە مەنزڵی کارەساتو**

**نەهاتەوە**

**لەگەڵ بایەکی خنکاودا**

**بەیەکەوە هاتنە دەرێ**

**هەتا ئەمڕۆیش**

**کە هەردوو دەست درێژ ئەکاو**

**بە یەکەوە لە بەردەمی ئازادیدا**

**ڕایان ئەگرێ**

**دەستی چەپی وەکوو لقێکی شکاوبێ**

**چەند سانتیمێ**

**لە دەستی ڕاستی کەمترو کورتتر دێنێ.**

**قولاپ ئەو سانتیمانەی برد**

**خستیە سەر باڵای جەللادو**

**کێبڵ ئەو خوێنەی هەڵمژیو**

**لە دواییدا**

کردیە ناو پەرداخێکەوەو
لە بەردەمی کوڕە گەورەی
موستەنسیر بیلادا داینا.
بەڵام ئەویش هەموو شەوێ
بەناو ڕایەڵی ئازاردا
بە دەنگی بەرز یان بە چرپە
بە قولاپو بە کێبڵو
بە پێوەندو بە ئەڵقەکانی زنجیرو
بە بوتڵی خاڵیی شەرابو
بە ئوتوو سلکی کارەباو
بە داری فەللاقەی ئەوت:
ماندوومکردن
تۆزێ بنوون
ئەوەی ئێوە ئەتانەوێ
لای من نییەو لای (با)یەکی
ئەو شاخەیەو بڕۆن بیگرن!

ڕۆژژمێر کەوتە تلدانو
زەمان پەڕەکانی بردوو
کە وەختێکیش
هەڵپەڕکێ هاتە سەرجادە.
سەرکەوتنیش بوو بە بادە.
شاخ بۆ پیاسە هاتە ناو شار.
ئەشکەوتە گەورە گەورەکان
بوون بە تەلاری سەرشەقام
تفەنگەکان
بوون بە دیواری بانکەکان.
شەهیدانیش کە زانییان
ڕەنگی سووریان بەرەبەرە
وا خەریکە کاڵبێتەوە
لەمانەوە بێزاربوونو

دوو دوو سێ سێ
گەڕانەوە بۆ سەر قەبران!.
لە دوای چەند سوورِێکی زەمان
لە دوای چەند خولێکی پارە
هەر لە تەختەی قەنارەکان
لە حەیزەرانی سەرینی قولاپەکان
هەندێکیان بوون
بە کورسی ناو پەرلەمانو
هەندێکی تر
بە داری ئاڵای کوردستان!
ئەویش ئێستا
لەو دیوی هاژەی زەریاوە
دوور لە ئێمەو
نزیك بە خوا
دەستی چەپی بەتاڵەیەو
خانەنشینی لەشێتیو
دەستی ڕاستیشی لە کارگەی
ئاوارەییو غەریبیدا
بۆ نانو ئاو
درەختێکی کرێکارە!

سلەیمانی
2008/1/20